# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

# ژمارە (١٣٤) لە ٢٠٢٢/٣/٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٧) لە ٢٠٢٢/٣/٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیارەکانی هاتوو لە ڕاپۆرتی (لیژنەی پێداچوونەوەی ڕسوومات)ی ئامادەکراو لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ژمارە (٣)ی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئابووری ژمارە (١) لە ٢٠٢٠/١/٢٧.

٢. یەکخستنی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو وەزارەتی پلاندانان و دارایی و ئابووری بە ناوی (چاکسازیی کەرتی باج-ئەنجامە سەرەتاییەکان و ڕاسپاردە بەراییەکان) لەگەڵ هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە.

٣. ڕاسپاردنی لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ژمارە (٣)ی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئابووری ژمارە (١) لە ٢٠٢٠/١/٢٧ و پێدانی دەسەڵاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارە گشتی و تایبەتییەکانی هاتوو لە هەردوو ڕاپۆرتی سەرەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەتەکان ڕاسپێردران کە لە ئێستاوە هەر وەزارەتێک بە جیا کار بکات لەسەر ئەو بەشەی تایبەت بە وەزارەتەکەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە بە جۆرێک لە چوارچێوەی خشتەیەکدا دەستنیشانی میکانیزمی خستنەبواری جێبەجێکردنی پێشنیارەکان بخاتەڕوو ئەگەر پێویستی بە ڕێکاری تەشریعی هەیە یان پەیڕەوی یان بڕیار و فەرمان، لەگەڵ دیاریکردنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردن و دیاریکردنی ماوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانە و ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە.

٤. لیژنەی ئاماژەپێدراو بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە پرۆپۆزەڵی پێویست پێشکەش دەکات بۆ تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە و هاوبەشیپێکردنی لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە و هەروەها هەستانیان بە کاری وردبینی و پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پۆرتاڵی زانیارییەکان و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی دەوری لەلایەن لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی سەبارەت بە خستنەڕووی ژمارە و داتا و زانیاریی تایبەت بە داهات و خەرجی تایبەت بە ڕسوومات و باجەکان لە هەرێمی کوردستان.

٥. ڕاسپاردنی گشت وەزارەتەکان بە نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیارییەکانی ناو پۆرتاڵی پرۆژەی خزمەت کە گرێدراوی پرۆژەی پێداچوونەوەی ڕسووماتە و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەرپرسیارێتی پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی ناو پۆرتاڵی پرۆژەی خزمەت دەگرێتە ئەستۆ.

٦. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران